# پێڵاوە پاژنە بەرزەکان



ئێکسسوارکان بە گشت جۆرەکان دەبنە مۆدەیەکی کراوە و جوان بۆ دەرخستنی جوانی لەلای هەر خانمێك، لێرەدا ئێکسسوارەکان بە پێی گرنگی خۆیان دەردەکەون، ئێکسسواری پێڵاوەکان وەکو یەکێك لە کەرەستەکان جوانییەکی گەورە دەبەخشێ، شێوازەکان بەپێ ستایل و جوانی کەرەستەکان دەبێ، ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تازەیە لە پێڵاوە پاژنە بەرزەکان، چونکە کراوەیی و ناسکی پێوە دیارە.



پێڵاوی پاژنە بەرز، بۆ بۆنە و شوێنە تایبەتەکان دەپۆشرێن، ناکرێ بۆ گشت شوێنێك بپۆشرێن، ئەمەش لە رێگەی جوانی ستایلەکانە کە لەگەڵ تایبەتمەتدی و کراوەیی و گونجانی لەگەڵ جلەکان دەبێ.





## ئێکسسوارەکان لە رەنگ

جیهانی ئێکسسوارەکان بە گشت جۆرەکان کار دەکاتە سەر جوانی و زیاتر رازاندنەوەی خانمان، بە تایبەت ئەوانەی خولیای ئێکسسوارەکانن، ئەمەش وادەکات لە نزیکەوە جوانییەکی کراوا و ناسك ببەخشێ، لێرەدا دەکرێ جوانی مۆدەکانی ئێکسسوارەکان، لە رازاندنەوەی خانمان دەبێ گرنگی بەو لایەنە بدەن و لە نزیکەوە کارێکی وابکەن، کە گشت ئێکسسوارەکان لەگەڵ مۆدە و ستایلەکان بگونجێ، بە مەرجێك شیاوی کراوەیی و ناسکی بێ.

ئەوانەی دەیبینن بریتییە لە کۆمەڵێك ئێکسسواری دروستکراو لە زیوو، جوانی ئەو جۆرە ئێکسسوارە لەگەڵ سەرنجراکێشی و دیمەنە ناسکەکان دەبێ، بۆیە دەکرێ سوود لەو جۆرە ئێکسسوارانە وەربگرین، وەك مۆدەیەکی کراوە لە زیوو، چونکە جوانییەکی شایستەی هەیە.

## جلەکانی ماڵ پابەن

جلوبەرگی ماڵ، بە یەکێك لە سەرنجراکێشترین لایەنەکانی گرنگی دانی خانمان دەدرێ، بە تایبەت ئافرەتان و کچان، چونکە جلی ماڵەوە یەکێکە لە مۆدە تایبەتەکان، بەمەش دەبێ لە نزیکەوە ئەو جلانە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە جوانی ماڵدا وەك کەرەستەیەکی تایبەت و کراوە بێ، جلەکان بەپێ سەرنجراکێشی و کراوەیی دەبێ.





# مۆدە تازەکانی ئێکسواری جەنتا







شێوازەکانی ئێکسسوارەکان بە چەندین دیمەنی جوان دادەنرێن، یەکێك لەو ئێکسسوارانەی کە جێگەی جوانییە لەلای کچان و خانمان، بریتییە لە جەنتای دەست، چونکە وەکو هاوڕێیەکی نزیك هەردەم لەگەڵ خانمان دەبێ، لەگەڵ ئەوەی سوودێکی گەورەی هەیە لە هەڵگرتنی کەرەستە و شتە پێویستەکان، لێرەدا جوانییەکی کراوەی دەبێ، ئەگەر بێت و جەنتاکە وەك مۆدەیەك بێ.

مۆدە تازەکانی جەنتاکان بە جوانی و کراوەیی دەبێ، هەروەها بوونی شێوەیەکی ناسك و بچووك، دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جەنتای دەست، بۆیە دەکرێ خانمان ئەو جۆرە جەنتایە هەڵبژێرن، چونکە جوانییەکی رەها دەبەخشێ.

# ...ـدە بە رەنگەکان

ئەوەی دەیبینین چەند مۆدەیەکە لە جلی ماڵ، بە تایبەت جوانی بێجامەکان، جوانی بێجامەکان لە گشت وەرزەکان، بۆیە دەکرێ لە نزیکەوە سوود لەو لایەنە وەربگرین، بە تایبەت کاتێك جلەکان بە ناسکی و رازاوەیی دەبێ، لێرەدا رەنگەکان جوانی خۆیان دەردەخەن، چونکە جوانی جلەکانی ماڵ، پاپەندە بە رەنگ و ستایل.





بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی سالح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com

# بە سینی پاقڵاوەوە مۆتۆرسکێل لێدەخوڕێ



هەرچەندە خەڵك لە جیهان خاوەن بەهرە و توانای سەیرن، کەچی لەلای خۆمانیش ئەو جۆرە کەسانە هەن، ئەو بەهرانەش لە کاتێکدا دەبێ، کە لە سەرەتاوە دەبێ، یان دواتر لەگەڵ فێربوووندا دەردەکەوێ، ئەوەی دەیبینن گەنجێکە لە شاری هەولێر، ساڵانێکە خەریکی پاقڵاوە فرۆشتنە، بە (حوسێن پاقڵاوە فرۆش) ناسراوە.

یەکێك لە تواناکانی ئەو گەنجە، بریتییە لە لێخووڕینی مۆتۆرسکێل و لەگەڵ سینی پاقڵاوەیەك لەسەر سەری، بەبێ ئەوەی دەستی پێوە بگرێ، ئەوەی دەیبینن وەستاوە و سنی پاقڵاوەکەی لەسەر سەریەتی، بەڵام بە چاوی خۆم بینیم کە مۆتۆرسکێلێکی لێدەخوڕی و سینی پاقڵاوەیەکی لەسەر سەری هەڵگرتبوو.

# سەیرترین جمک لە جیهان

ئەوانەی بەیەکەوە لە دایك دەبن، بە جمك یان دووانە دادەنرێن، ئەوەی سەیر بێ شێوەیان دەچێتەوە سەر یەکتر، لە هەندێك حاڵەتدا ناتوانین هیچ کام لەم جمکانە بناسینەوە، کەچی ئەو دوو جمکە، شێوەیەکی سەیر و گەورەیان هەیە، تەنانەت لە نزیکەوە نەبێ، ناتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە، بۆیە هەر یەکە قژی رەنگ کردووە بۆ ئەوەی ناسراو بن.

لە وڵاتی بولگاریا، هەردوو جمك (لیلیا و میا) کە خاوەن گەورەترین شێوەی جەستەن، هەر یەکە دوو ئەوەندەی ئافرەتێکی ئاسایی دەبن، تەنانەت بەهۆی شێوەیان ئەوەندە ناچنە دەرەوە، چونکە شەرم لە جەستەی خۆیان دەکەن. بۆیە بە سەیرترین جمك دادەنرێن لە جیهاندا.



# سەیرترین حاڵەتی چـ

ئەوانەی تووشی حاڵەت و کارەساتە سەیرەکان دەبنەوە، بە جۆرێك دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێ، لێرەدا دەبێ سوود لەو حاڵەتانە وەربگرین تەنانەت لە نزیکەوە ببێتە رێگەیەکی سەیر بۆ گشت کەسێك، ئەو خانمەی دەیبینن لە وڵاتی چین دەژی، دوای کارەساتێك



# پایسکیلە سەیرەکان





کەرەستە سەیرەکان لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی سەیر لە خـۆ دەگرن، کەچی سـوودێکی گەورەیان دەبێ بۆ مـرۆڤ، چونکە لە ڕێگەی حاڵەتە سـەیرەکان دەکرێ ببێتە کەرەستەیەك مرۆڤ بتوانێ بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵد ا بکات، دروستکردنی پایسکیلەکان وەکو شێوازە کۆنەکەی نەماوە و شێوەیەکی دیکەی لە خۆوە گرتووە.

ئـەوەی دەیبینـن جۆرێکە لە پایسـکلەکان کە دەکرێ لە جێگەی خۆی بچەمێنرێتەوە، ئەمەش چەندین سـوودی هەیە، لەوانە بە ئاسـانی دەخرێتە ناو شوێنی تەسك، یـان بـۆ بەسـتەوەی لە شوێنی تایبەت، بۆ ئەوەی پارێزراو بێ لە دزی کردن.

# هاوسەرگیری بووک و زاوای (٨٧ و ٩٧) ساڵ



هاوسـەرگیری تەمـەن نازانـێ، چونکە لە گشـت تەمەنـەکان هاوسـەرگیری دەکرێ، بەڵام وادیارە ئەو پیاو و ئافرەتـە بەتەمەنـە حەزیان بـۆ هاوسـەرگیری چووە لە تەمەنێکـی زۆرەوە، بـەڵام خۆشەیسـتی لـەلای ئەوانە یەکێکە لە سەیرترین دیمەکانی ژیـان، چونکـە جوانـی و خۆشەویستی ڕاستەقینە لەلای ئەو دوو کەسەیە.

هێنـری (٩٧)سـاڵ و (فالیری – ٨٧) لە تەمەنی بچووکییەوە خۆشەویست بوون، کەچی وادیارە قەدەر ڕێگەی نەدا بۆ یەکتر بن، کەچی لەو تەمەنەیان لە وڵاتی بەریتانیا، بڕیاریان دا ببن بە هاوسـەری یەکتر، هەر یەکەش لە ژیانی خۆیـان بوون، بـەو دواییەش هاتنەوە باوەشی یەکتر.

# ...اندنەوەی قـاچـەکان

قاچەکانـی لە دەسـت دەدا و بەبێ قاچ دەمێنێتەوە.

بۆیە لەلایەن پسپۆڕان و دکتۆرەکانی ئەو وڵاتە هەڵسان بە چاندنەوەی قاچەکان بۆ ئەو کچە کە لە تەمەنی منداڵی تووشـی ئەو حاڵەتە هاتووە، ئێستاش دەتوانێ لەسەر قاچەکانی بڕوات بەبێ هیچ گرفتێك.



# ئایس کریم بە سەنتیمەتر



بەو وەرزە گەرمە، مۆدەی ئایس کریم و گیمەرەکان هاتۆتە کایەوە و دەبێتە یەکێك لە ساردەمەنییە خۆشەکان، بە تایبەت ئەگەر لە کاتێکی زۆر گەرم نۆشی بکەی، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئایس کریمی وڵاتی چین و ژاپۆن بکەین، جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی لێرەدا هەیە، چونکە ئایس کریمی ئەوان بە سەنتیمەتر دادەنرێ نەوەك بە شێوەیەکی بچووك، ئایس کریم لەو وڵاتە لە نێوان (١٠ تا ٥٠) سەنتیمەتر دەبێ.

# جگەرەکێشان قەدەغەیە

جگەرەکێشان زۆر جار لە شوێنە گشتییەکان خەڵکی بێزار دەکەن بە جگەرە، ئەمەش نابێ ئەو کارە بمێنی یان چارەسەر بۆیان دابنرێ، لێرەدا زیرەکترین چارەسەریان بۆ داناوە، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی کابینەیەکی تایبەت و لە سەرەوە بە ستوونێك بەستراوە، کە دووکەڵی جگەرەکە بەرەو شوێنێکی دیکە دەبات، ئەمەو کابینەکان لە شووشە دروستکراوە و دەتوانی لەنێو هاوڕێکانت دانیشی بەبێ ئەوەی کەسیش بێزار بکەی.



## نوکتە

- یەکێك دەرۆزە دەکات، دەرگە دەرگە دەرۆزەکەی دەکا، لە ناکاوێك لە دەرگەیەك دەدا و ماڵی هاوڕێیەکی خۆی دەردەچێ، و دەڵێ : پارەی تۆ واسڵە!

❊ ❊ ❊

- پیاوێك ڕۆژێکیان زۆر تورە دەبێ لە خێزانەکەی و دەڵێ : دەڵێم خۆم بکوژم و تۆش بکوژم ئینجا ڕاست بڕۆم!



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کاردانەوەی کەسێکی نزیکت دەبێتە هۆی دڵتەنگیت، پێویست ناکات تۆ ئەوەندە خەم هەڵبگریت لەبەر ئەوەی هیچ تاوانێکت نییە، هەوڵ بدە ئارام بگریت و ئەوە لەبیر خۆت بەریتەوە، هەواڵێکی خۆش و چاوەڕواننەکراو لە ڕێگەدایە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئێستا لە رووی دەروونیەوە باشتری لە رابردوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەو خۆشییە دەگەڕێتەوە کە ئێستا تێیدای و کۆتایی بە خەمەکانت هێنا. پەشیمان دەبیتەوە کاتێك داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لەبۆنەیەك یان ئاهەنگێك و تۆش ئامادە نابیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کاتە خۆشەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبن، ئەمە ناونیشانی چەند هەفتەی داهاتووە، بەهۆی ئاشتبوونەوە لەگەڵ کەسی بەرامبەر گۆڕانکاری لە ژیانت دێتە ئاراوە و خۆشبەختی رووتان تێدەکات.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەر کاتێك دەتەوێت بڕیارێك بدەی دەربارەی بابەتێکی گرنگ یان ئاسایی دەوروبەرت ئاگادار دەکەیتەوە و زیاد لەپێویست رای خەڵك وەردەگریت، هەندێك جار چارەسەر تەنیا لای تۆیە، ئەگەر خۆت چارەسەرت لایە رای کەسانی تر لەوانەیە سوودی نەبێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

دوای ماوەیەك چاوەڕوانی بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی لە دڵت دایە، کەسێکی نزیکت دەتوانێت یارمەتیت بدات، داوای یارمەتی لێ بکە. کەسی بەرامبەر پێی خۆشە زیاتر هەواڵی بپرسیت و بیبینیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەست بە دڵتەنگی دەکەی کاتێك دەبینی کەسێکی باوەڕ پێکراو دەیەوێت گرفت بخاتە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، بۆ زانیاریت ئەوە یەکەم جار نییە ئەو کارە دەکات، لەو کەسانە دووربکەوە کە جێگەی متمانە نین.

ئامادەکردنی: داریۆ





# سەیرترین سنووری (٣) وڵات

ئەوەی دەیبینن سەیرترین سنووره لە نێوان وڵاتانی جیهان، ئەمەش لە کیشوەری ئەوروپایە، کەچی لەلای ئێمە سنوورەکان بە سیم و هێل دانراوە، بەڵام لەلای ئەوان ئەو هێلانە نییە، ئەوەی دەیبینن شوێنێکە نێوان (٣) وڵاتە، سنوورەکە نێوان (ئەڵمانیا و چیك و نەمسا)، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین سنوورەکان، کە تەنیا لە شوێنێکی (٣) مەتر دووجا، سێ وڵات بە یەکتر گرێدەدات.

# قاچم ماچ بکە

یەکێك لە کارە سەیرەکان ئەوەی لە جیهاندا روودەدەن، بریتییە لەو حاڵەتە سەیرە، کە بە جۆرێك مرۆڤ گاڵتەی بەو کارە دێ، چونکە بە شێوەیەك ناچێتە ئەقڵیشەوە، ئەوەی دەیبینن گەورەیەکی هۆزێکە لە گوندێك لە وڵاتی هیندستان، تەنانەت خۆی بە کەسێکی باش داناوە، کاتێك خەڵك نەخۆش بن، یان کێشەیەکیان هەبێ، دێن بۆ لای ئەو پیاوە و ئەویش قاچیان ماچ دەکات و بە مەبەستی ئەوەی چارەسەریان بکات لە نەخۆشی و کێشەکانیان.



## بۆ زاخاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

○ ○ ○ ○ ○ ○ ○

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە رێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**

- بازنەکانی (١+٢) بە مانای کەسێك سەرۆکی نەتەوەیەك بێ.
- بازنەکانی (٣+٦) خواردنێکی گوێدرێژە.
- بازنەکانی (١+٢+٤) چای بە زمانی عەرەبی.
- بازنەکانی (١+٣) گومان بە زمانی عەرەبی..




* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرچنار) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

برێکی باش پارەت دەست دەکەوێت، رێگە مەدە هەست و سۆز کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانت دروست بکەن. ماوەیەکە کەسێك دەیەوێت بتبینێت و هەندێ نهێنی گرنگت بۆ باس بکات، بەم زووانە ئەو دیدارە ئەنجام دەدرێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

زۆربەی کات لای هاوڕێکانت ئارەزووی خۆت پیشان دەدەی بۆ بوونی پێوەندیەکی رۆمانسی لەگەڵ ئەو کەسەی خەونی پێوە دەبینی، هەرچەندە خۆشت دەزانی ئەوە زۆر قورسە و بە ئاسانی نایێتە راستی.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دیکۆری ماڵەکەت پێویستی بە هەندێك گۆڕانکاری بچووك هەیە، لەهەمان کات هەندێ شتی تر پێویستن، ئێستا باری داراییت باشە دەکرێت ئەو کارانە ئەنجام بدەی، کەسێك بەبێ هۆ لێت زیز دەبێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێوەندییەکانت لە قۆناغێکی زێڕین دان، ئەگەر رەخنە و گلەییت ئاراستە کرا، خۆت لەتوڕەبوون بپارێزە و بەدڵێکی فراوانەوە رەخنە قبووڵ بکە، پێویستت بە هەندێك پارە هەیە و بەئاسانی بەدەستی دەهێنیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆرجار پەلەکردن و بەخێرایی بڕیاردان زیانی زۆری لەدواوەیە، هەرچەندە ئەو بابەتەی تۆ زۆر گرنگ نییە، بەڵام هەر ناکرێت بەو شێوەیە بڕیاری تێدا بدەی، بەشێوەیەکی تر سەیری ژیان بکە و بە فراوانتر بیبینە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەخت هاوڕێتە لە رۆژانی داهاتوو، ئەمەش یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتن بە خەونەکانت، دڵی کەسێکی ئازیزت لێ رەنجاوە، هاوڕێکانت بیرت دەکەن ئەوانەی ماوەیەکە نەتبینیون، تۆش هەواڵیان بپرسە.

hemntoni@yahoo.com